www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:23 7-3-2007

## سیاسەتی ئەمریکا. . . گۆڕان و ئاستەنگەکان ... و: بەهزاد حەویزی

گۆڕانکاریە هەستپێکراوەکان لە سیاسەتی ئەمریکیدا نە بەدوا پلانە ئەمنیەکەی ئێراق و نە بە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی نیوکلیاری کۆریا دەستی پێکرد، بەڵکە بە سەردانەکەی ئەمدواییەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، کە لە میانەیدا ئولمرت و (ئەبو مازن) ی بەیەك گەیاند لەگەڵ چەندین ئاماژەی دیکە لەمەڕ سیاسەتی دەرەوەوسیاسەتی سەربازی وئەمنی لە ئیدارەی دووەمی بوشدا، هەروەها تێکقرژانی باری ئەمنی وسەربازی لە ئێراقداو. . . تد.



لە نیشانە هەرە دیارەکانی گۆڕانکارییەکان بریتین لە:

یەکەم: گەڕانەوە بۆ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ یەکیتی ئوروپا وکاراکردنی رۆڵی پەیمانی ئەتڵەسی، گەڕانەوە بۆ پشکداریەتی (مەرجدار) لەگەڵ روسیاوچین.

دووەم: لاکردنەوە لە رۆڵی هاوپەیمان و دۆستانی هەرێمایەتی و بەرژەوەندیان، جا چ لە خۆرهەڵاتی ئوروپاو بەلقان بێت یا لە نیمچە کیشوەری هیندیی یا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سێیەم: بەکارخستنی ئامرازە دیپلۆماسی و هەواڵگریەکان لە کاردا لە بری دانی جڵەوی سیاسەتی دەرەوە بەدەستی وەزارەتی بەرگری و سەرکردەسەربازییەکان.

دەرەنجامە بەراییەکانی ئەو گۆڕانکارییانەش پلە بە پلە بەدیارکەوتن، هەروەها ناکرێ خستنەرووی ئەو دەرەنجامانەش تەنیا بەمەبەستی چاودێریکردنی لێدوان و جموجوولە ئەمریکیەکان بێت، بەڵکە واچاکیشە چاودێری جموجووڵەکانی تێکڕای لایەنەکانی دیکەش بکرێ، ئەو لایەنانەی بە ئەرێ ونەرێ کارلێککراون لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە، جا بەو پێیەی ئەم ناوچەیەش لێی بەدەر نییە دەشبێ بەلای کەمی ئاماژە بەوەش بدرێ، کە لەدەرەوەی ناوچەکە روودەدات، بۆوەی دیمەنەکە تەواوو فامکراوبێت.

هێزی ئەمریکایی هێزێکی ئەوتۆی گۆڕەپانەکەیە، نمونەی تاکجەمسەری لەو دەساڵەی دواییدا لەبەرئەوە گۆڕانکارێتی رەفتاری لە سیاسەتی دەرەوەدا ئەوەتا ئەمیش جیهانیە، لەم رووەوە دەکرێ ئاماژە بدرێ بە: رێککەوتن لەسەر دۆسیەی نیوکلیاری کۆریا، کە نەدەکرا

بەبێ رەزامەندی روسیاوچین بە ئاکام بگات، لاوازی هەڵوێستی تۆنی بلێر یەکەمین هاوپەیمانی بوش لە ئوروپا، هەروەها دامەزراندنی زەلمای خەلیل زاد بە نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای بولتون _ ی موحافیزکارەنوێکەو دەست لەکارکێشانەوەی ژەنەراڵ جون ئەبی زەید سەرۆکی سەرکردایەتی ناوەڕاست – ئەمریکی لە بەهاری دادێ.

جموجووڵی لایەنە نێودەوڵەتی و هەرێمیی و کاریگەرییان لە چەند خاڵێکدا بەدەردەکەون:پەسەندکردنی وڵاتانی یەکێتی ئوروپی لە رێی تازە ئەستێرەی راوێژکاری ئەلمانی لەمەڕ سەرکردایەتیکردنی دانوستان لەگەڵ ئێراندا لە بارەی نیوکلیاری و هاریکاریکردن لەگەڵ روسیا لە رووی جموجووڵ وهاوسازی و وتووێژی بەردەوام، هەروەها وڵاتانی دیکەی وەکو میسر و وڵاتانی کەنداو، ئینجا هاتنی سەرۆکی روسیا بۆ سعودیە و گرێدانی بۆندی زلی بازرگانی، هەروەها سەردانی ئوردن و نەك هەر گفتوگۆکردنیش لەگەڵ شاعەبدوڵلای دووەم و ئەبومازن، بەلکە سەردانی رووباری ئوردنیشی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردو لەئاوەکەی فرکرد، گوایە رووسەکان بایەخ بە فەلەستین دەدەن، بە پێچەوانەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و رۆژگاری شەڕی سارد بەو پێیەی کریستیانن و بێشکەی مەسیحیان لا گرنگە.
شاراوە نییە کە گۆڕان لە رەفتاری سیاسی ئەمریکی لە ناوچەکەدا، بۆ یەکەم جار لە کایەی هەرێمایەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە مایەی نیگەرانی بۆ سەر سیاسەتی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەمەش بە روونی لە گوتاروبەیاننامەوجموجووڵەکانی سەرۆکی ئێران مەحمود ئەحمەدی نەژاد هەر لە ساڵی 2005 ەوە رەنگی دایەوە، ئەو تەنیا پەلاماری سیاسەتی ئەمریکی لە ئێراق نەدا، بەڵکە چاوی خستە سەر پرسی نیوکلیاری و قەوارەی زایۆنی لە فەلەستین، کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانی دەکات، بە تێکشکان وخاپوورکردنی ئەو قەوارەیە، وەلی ئەو دوو هەوەڵین هەڵسوکەوتە سیاسیەی ناکۆکی ئەمریکی/ ئێرانی تەقاندەوە بریتی بوون لە: رازینەبوونی ئێران بەو دیفاکتۆیەی ئێراق، هەروەها تێوەگلانی ئێران لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل لە رێگەی (حزبولاوە)، وڵاتە یەکگرتووەکان بەوە رەتی دایەوە ئیسرائیل هانبدات بەتوندی لە (حزبولا) بدا، هەروەها جۆشدانی دۆسیەی نیوکلیاری لە رێگەی سەپاندنی سزا لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوەو رۆڵدان بە ئورووپی وروسەکان لە بەدواداچوون، ئینجا رووبەڕووبوونەوە.
سعودیە لە بەراییدا هەنگاوی نا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و رێگرتن بەمەبەستی چارەکردنی کێشەوگرفتەکان بە سێ رەوت بەوەی ئێراق وفەلەستین و لوبنان وڵاتی عەرەبین و ئەمریکا یا ئێران هەقیان بەسەرەوە دانین بۆ کاری گێرەشێوێنی و وێرانکاری، هەروەها بەئاراستەی ئاسایشی کەنداووسەقامگیری لە ناوچەکەدا، پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەش دوو دمیە: پاڵپشتی ئاشتەوایی و سەقامگیری لە هەر سێ وڵاتدا، پێڕۆکردنی جموجووڵێکی دیپلۆماسی وبەردەوام لەگەڵ لایەنە پەیوەستدارە هەرێمیەکانی ناوچەکە.
سیاسەتەتاکڕۆییەکانی ئەمریکا لەو پێنج ساڵەی دواییدا عەرەب و دراوسێکانی گلاندە نێو گرۆگڵپەی دوو ئاگر: ئاگری شەڕە تیرۆرو ئاگری ئێراق، ئەو سیاسەتانە زەرەرێکی زۆری بە عەرەب لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی عەرەبی گەیاند، هەروەها (سەلەفیەتی جیهادی) یش زەرەرێکی بێشوماری بە عەرەب وئیسلام و پەیوەندیەکانیان بە جیهان گەیاند، بەو ئومێدەی لە 2007دا هاوشان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە لەو سیاسەتانە و جموجووڵی هەمەلایەنەیرووسیایی وعەرەبی وئیسلامی، ناوچەکە ئارامیەك و سەقامگیری بەخۆوە ببینێ.
سەرچاوە:
سایتی/ئیلاف -24\2\2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.